SPU
زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی
Sulaimani Polytechnic University
1996

## بۆ خۆپارێزی لە ئالوودەبوون، پێویستە ئەم خاڵانە ڕەچاو بکەن

- لەکاتی تەنگانە و گیروگرفتدا، هەوڵ بدەن پشوودرێژ بن، ڕاوێژ بە کەسانی دڵسۆز و ژیر بکەن و شەرم لە داواکردنی یارمەتی مرۆیی مەکەن.
- هەرگیز پەنابردن بۆ ماددەی هۆشبەر و ئەلکهولی، کێشەکانت چارەسەر ناکات، بەڵکو ژیانت لەناودەبەن، کەواتە لە کاتی کێشەدا هەوڵ بدە بەبیرکردنەوەی دروست ڕووبەڕووی ببیتەوە.
- هەمیشە خۆت لە ناوچەی گوماناویی و پیسوچەپەڵ بەدوور بگرە.
- هەمیشە هاوڕێیەتی کەسانی لە خۆت باشتر بکە، هەر هاوڕێیەکت خراپ بوو، دەستبەجێ لێی دووربکەوە.
- لە کاتی هەستکردن بە بوونی ماددەی هۆشبەر، لایەنە یاساییەکان ئاگادار بکەرەوە، تا کەسانی تریش گیانیان پارێزراوبێت.
- هەوڵ بدە کاتە بەتاڵەکانت بە خوێندنەوەی بەسوود، ئەدەب و هونەر، وەرزش و شاخەوانی، تەماشاکردنی فیلمی دیکۆمێنتاری، یان فێربوونی جۆراوجۆری زمان و پیشەوە بەسەرببەی.

# ماددەی هۆشبەر..
# ژەهرە ترسناکەکەی مرۆڤایەتی

ئامادەکردنی: لیژنەی باڵای بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان - ٢٠٢٥

SPU
زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی
Sulaimani Polytechnic University

www.spu.edu.iq | info@spu.edu.iq



## ماددەی هۆشبەر چییە؟

بەکارهێنانی هەرجۆرە ماددەیەکە بە شێوەی نایاسایی و بێ مۆڵەتی پزیشك، کە ببێتەمایەی خووگرتن، زیانی درێژخایەنی بۆ جەستە و باری ئەقڵی و کۆمەڵایەتی هەبێت.

## ئالوودەبوون بە ماددەی هۆشبەر چییە؟

ئەمڕۆ، «ئالوودەبوون» بە نەخۆشییەکی کوشندە دادەنرێت، کە وەك شێرپەنجە، ئاستەمە مرۆڤ لێی دەرباز ببێت، چونکە لە ڕووی جەستە و ئەقڵ و دەروونەوە دەبێتە دیل و کۆیلەی ماددەیەکی ژەهراوی، کە مرۆڤەکە وێڕای بەهەدەردانی ژیان، لە زۆر لایەنی تریشەوە زیانی بەردەکەوێت.

# لێکەوتەکانی توشبوون
# بە ماددەی هۆشبەر



## کاریگەریی لەسەر جەستە:

توشبووانی ماددەی هۆشبەر، فەرمانەکانی جەستەیان بە باشیی بۆ جێبەجێ ناکرێت، بە تایبەت خواردن، یان ڕانەگرتنی پاشەڕۆ، هەربۆیە توشبووان زۆرجار دووچاری خۆپیسکردنی بەردەوام دەبن، بە تایبەت لە شوێنە گشتییەکان.

کاریگەرییەکی تری، ڕەشداگەڕانی پێست و هەڵوەرینی قژ و لاوازبوونی توانای بینینە.

## کاریگەریی لەسەر کەسێتی لە کۆمەڵدا:

ئەمڕۆ، سەرجەمی کۆمەڵەکانی جیهان، بە چاوی مرۆڤێکی تێکشکاو و بێ کەسێتی دەڕواننە ئالوودەبووانی ماددەی هۆشبەر، بە جۆرێ کە نەك مامەڵەی پێکەوەنانی هاوسەرێتی و کار و پیشەیان لەگەڵدا ناکرێت، بەڵکو کەسوکارەکەشی بە شەرمی دەزانن بیگرنەخۆ، یان داکۆکی لێبکەن.

ئێستا خۆشبەختانە لە هەرێمی کوردستان، سزای زۆر توند بۆ بەکارهێنەران و بازرگانانی ماددەی هۆشبەر دانراوە، کاتێك سەردانی سزادراوانی ئەو بەشە دەکەیت، بە ئاشکرا پەشیمانییەکی زۆریان پێوەدیارە، چونکە لە کۆمەڵدا زیان بەر ڕێز و شکۆیان کەوتووە.

## کاریگەریی لەسەر ئەقڵ:

بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر، کاریگەریی خراپی لەسەر فەرمانەکانی ئەقڵ هەیە، دەمارەکان سست دەکات و فەرمانی هەڵە بەجەستە دەدات، بۆ نموونە ئەو کەسانەی دووچاری ماددەی هۆشبەر دەبن، دایك و باوك و خوشك و براکانی خۆیانیان لەگەڵ بێگانەدا لێتێکدەچێ، چەندین نمونەی دەستدرێژی بۆسەر خوشك لەلایەن بەکارهێنەرانی ماددەی هۆشبەرەوە تۆمارکراون.

تێکچوونی دەمارەکانیش لای کەسی توشبوو، بە جۆرێکە خەو و راستی تێکەڵدەکات، یادگەی بەرەو لاوازیی دەچێ و چیتر ناتوانێ شوێنی ماڵەوە، یان کارەکەی یاخود کەلوپەلی پێویستی رۆژانەی بدۆزێتەوە. پاشان مێشکی بە جۆرێك دەپووکێتەوە، تا ساڵانێك بەردەوام دەبێت و پاشان گیان لەدەستدەدات.

## کاریگەریی لەسەر خوێندن و پیشە:

زیانەکانی ماددەی هۆشبەر بە ئەقڵ و هۆشی مرۆڤ، بە جۆرێکە کە توانای بیرکردنەوە و یادەوەریی زۆر لاواز دەکات، بۆ نموونە خوێندکار توانای درێژەدان بە خوێندنی نامێنێ. هەروەها هەر بەهرە و پیشەیەکی هەبێت، بەهۆی لاوازبوونی دەمارەکانی مێشکەوە، بە باشیی وردەکاریی کارەکانی خۆی بۆ ئەنجام نادرێت.



## کاریگەریی لەسەر دەروون:

توشبووانی ماددەی هۆشبەر، دووچاری چەندین نەخۆشیی دەروونی وەك: شیزۆفرینیا، خەمۆکی، شەڕانگێزی دەبن، واتا توانای کۆنترۆڵی خۆیان نامێنێ.



## کاریگەریی لەسەر گورچیلە:

زۆرێک لە ماددەکان، لەوانە ئازارشکێن، دژەتەن و دەرمانی نائاسایی، دەتوانن ڕاستەوخۆ زیان بە شانەکانی گورچیلە بگەیەنن، یان کارکردنیان تێکبدەن. بۆ نموونە دەرمانی دژە هەوکردنی ناستیرۆید (NSAIDs) و هەندێک دژەتەن دەتوانن ببنە هۆی برینداربوونی توندی گورچیلە یان تێکچوونی درێژخایەن بەهۆی کاریگەرییە ژەهراوییەکانی گورچیلە. ماددە هۆشبەرەکانی وەک کۆکایین و هێرۆین پەیوەندییان بە ئاڵۆزییە توندەکانی گورچیلەوە هەیە، لەوانەش ڕابدۆمیۆلیسیس (Rhabdomyolysis)، کە دەبێتە هۆی تێکچوونی ماسولکەکان و لەکارکەوتنی گورچیلە. هەروەها بەکارهێنانی درێژخایەنی ماددە هۆشبەرەکان دەتوانێت بەشداربێت لە کاردانەوەی بەرگرییە سیستمییەکان، کە دەبێتە هۆی هەوکردن و برینداربوونی خوێنبەرەکان لەناو گورچیلەکاندا، کە توانای کارکردنیان زیاتر دەخاتە ژێر مەترسییەوە.

## کاریگەریی لەسەر پێست:

پێست گەورەترین ئەندامی جەستەی مرۆڤە. بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان دەتوانێت کاریگەرییەکی بەرفراوانی لەسەر پێست هەبێت، لەوانە برین، هەوکردن و تەنانەت ڕووتانەوەی پێست.

## کاریگەریی لەسەر جگەر:

جگەر ئەندامێکی گرنگە کە بەرپرسە لە ژەهراویکردنی ماددە کیمیاییەکان و میتابۆلیزم و بەرهەمهێنانی پرۆتینی پێویست بۆ مەینکردنی خوێن و ئەرکەکانی تر. بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان، بە تایبەت بەکارهێنانی درێژخایەن یان زیادەڕۆیی، کاریگەرییەکی خراپی لەسەر تەندروستیی جگەر هەبێت.

## هۆکارەکانی توشبوون:

- خێزانی لێکترازاو، کە دایك و باوك نەتوانن چاودێریی منداڵەکانیان بکەن.
- لاوازیی ئیرادە بەرامبەر گرفتەکانی ژیان.
- نەبوونی پرس و ڕاوێژ لەگەڵ کەسانی ژیر و خاوەن ئەزموون لە کاتی بوونی کێشەدا.
- هاوڕێیەتی لەگەڵ کەسانی خراپ، یان هاتوچۆی شوێنی گومانلێکراو.
- خووگرتن بە ماددەی ئەلکهولی، جگەرە، نێرگەلە و هاوشێوەکانی.
- حەزی سەرکێشیی بۆ تاقیکردنەوەی شتی زیانبەخش.

## چۆن خۆمان لە ئاڵوودەبوون بپارێزین؟

هەموو مرۆڤێك لە ژیانیدا دووچاری چەندین گرفت و تەنگانەی ژیانی خێزانی، کار و پیشە، خوێندن، تەنگژەی دارایی و نەخۆشی دەبێتەوە... مەزنێتیی مرۆڤ لەوەدایە؛ کە ئیرادەی پۆڵایین بێت. هەمیشە ئەو دێڕە جوانەی لەیاد بێت کە "خوای گەورە سەختترین جەنگەکانی ژیان، بە ئازاترین مرۆڤەکان دەسپێرێ!." کەواتە بەپشتبەستن بەخوای گەورە و بە هەڵبژاردنی ڕێگایەکی دروست و هاوڕێی باش، دەبێ مرۆڤ خۆی لە هەر جۆرە ئالوودەبوونێك بە ماددەی هۆشبەر و ئەلکهولی بەدووربگرێت، چونکە بچوکترین هەڵە ڕەنگە سەرجەم ژیانت بخاتە مەترسییەوە.



یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٠

# یاسای بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەر و کارتێکارە عەقڵییەکان لە هەرێمی کوردستان - عێراق

## ماددەی(٢٥):

هەر کەسێک یەکێک لەم کردارانەی خوارەوە ئەنجام بدات، بە لە سێدارەدان یان زیندانیکردنی هەتاهەتایی سزا دەدرێت:

**یەکەم:** ماددەی هۆشبەر یان کارتێکاری عەقڵی یان پێشینەی کیمیایی، یان رووەکێك لەو رووەکانەی ماددەی هۆشبەر یان کارتێکاری عەقڵیی لێ بەرهەم دێت، بە مەبەستی بازرگانیپێکردنی، بەدەر لەو حاڵەتانەی یاسا مۆڵەتی پێداون، کە هەناردە یان هاوردە بکرێت.

**دووەم:** ماددەی هۆشبەر یان کارتێکاری عەقڵی، بە مەبەستی بازرگانی پێکردن، بەرهەمهێنرابێت یان دروست کرابێت بەدەر لەو حاڵەتانەی یاسا مۆڵەتی پێداون.

**سێیەم:** بە مەبەستی بازرگانیپێکردن ڕووەکێکی چاندبێت، کە ماددەی هۆشبەر یان کارتێکاری عەقڵیی لێ بەرهەمدێت یان ڕووەکێکی لەو ڕووەکانە لە هەر قۆناغێک لە قۆناغەکانی گەشەکردنی هێنابێت یان هاوردە یان هەناردە کردبێت، یان بازرگانی بە تۆوەکەی کردبێت، بەدەر لەو حاڵەتانەی یاسا مۆڵەتی پێداون.

## ماددەی (٢٦):

یەکەم: هەرکەسێك یەکێك لەم کردارانەی خوارەوە ئەنجام بدات، ئەوە بە زیندانیکردنی هەتاهەتایی یان کاتی و پێبژاردنێك کە کەمتر نەبێت لە (٣٠،٠٠٠،٠٠٠) سی ملیۆن دینار و زیاتر نەبێت لە (٩٠،٠٠٠،٠٠٠) نەوەد ملیۆن دینار سزا دەدرێت.

- ماددەی هۆشبەر یان کارتێکاری عەقڵی بۆ بەکارهێنان پێشکەشی کەسی دیکە کردبێت، یان بەشدار بووبێت یان هاندەربووبیت لەسەر بەکارهێنانی، بەدەر لەو حاڵەتانەی یاسا مۆڵەتی پێداون.

## ماددەی (٢٩):

هەر پزیشکیك، ڕەچێتە بۆ سەرفکردنی ماددەی هۆشبەر یان کارتێکاری عەقڵیی، جگە لەٚ مەبەستی چارەسەری پزیشکی، بنوسێت، ئەوا بە بەندکردن بۆ ماوەیەک لە (٦) شەش مانگ کەمتر نەبێت و پێبژاردنێك لە (١٠،٠٠٠،٠٠٠) دە ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە (٢٠،٠٠٠،٠٠٠) بیست ملیۆن دینار زیاتر نەبێت، یان بە یەکێک لەم دوو مادانە سزا دەدرێت، هاوکات پیادەکردنی پیشەکەی بۆ ماوەی (١) یەک ساڵ لێ قەدەغە دەکرێت، هەر دەرمانسازێکیش  ئەم موادانە بەبێ ڕەچێتەیەکی پزیشکی هاورێک لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە، سەرف بکاتٚ ئەوا هەمان سزا دەدرێت

## ماددەی(٣٠):

هەرکەسێک بە مەبەستی وەرگرتن و  بەکارهێنانی کەسیی، ماددەی هۆشبەر یان کارتێکاری عەقڵی یان پێشینەی کیمیایی، هاوردە بکات یان بەرهەم بهێنێت یان دروستیبکات، یاخود دەستداری بکات یان بەدەستیبهێنێت یان بە خاوەنیببێت یان بیکرێت،  یاخود ڕووەکێك لەو ڕووەکانەی ماددەی هۆشبەر یان کارتێکاری عەقڵی لێبەرهەمدێت، بچێنێتٚ یان بیکرێت، ئەوا بە بەندکردن بۆ ماوەیەک لە (١) یەک ساڵ کەمتر نەبێت و لە (٣) سێ ساڵ زیاتر نەبێت و بە پێبژاردنیك لە (٥،٠٠٠،٠٠٠) پێنج ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە (١٠،٠٠٠،٠٠٠) دە ملیۆن دینار زیاتر نەبێت سزا دەدرێت.

# زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی

## داهاتووت لێرەوە دەست پێدەکات




www.spu.edu.iq

# لیژنەی باڵای
# بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵییەکان

| ناوی سیانی | پلە |
|---|---|
| ١- پ. ی. د. بەختیار عوبێد شەریف | سەرۆکی لیژنە |
| ٢- پ. ی. د. عیماد مەجید نوری | ئەندام |
| ٣- م. هێمن ئیبراهیم قادر | ئەندام |
| ٤- م. ئەیوب کەریم سەعید | ئەندام |
| ٥- م. ی. عومەر کەریم شەریف | ئەندام |
| ٦- م. ی. بڕوا عوسمان ڕەحمان | ئەندام |
| ٧- دابان سیروان نەجم | ئەندام |

## بە هاوکاریی

پ. د. هێرش ڕەسوڵ موراد

پ. ی. د. کارزان محەمەد ئەحمەد